**نەخۆشییە زۆنۆتیکیەکان -ئاژەڵمرۆییەکان ، بەتایبەتی  تای خوێنبەربوون**


سان ساراڤان

ڕاوێژکاری میدیای نێودەوڵەتی لە ئینتەرنیوز.

زۆنۆتیک ئەو زاراوەیە کە باس لە نەخۆشییەک دەکات کە دەتوانێت لە  ئاژەڵ و بونەوەرە نابڕبڕەیەکانەوە باز بدات بۆ مرۆڤ،  کە بە زۆنەتتیک یان زۆنەسیس دەناسرێت.

**پاڵنەرەکانی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە ئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ:**

فراوانبوونی ژمارەی دانیشتووان و خراپتربوونی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش وهەوا  فشاری زیاتر دەخاتە سەر زەوی، چونکە دارستانبڕین، شارنشینی، چڕبوونەوەی کشتوکاڵ و دەرهێنانی سەرچاوەکان دەرفەتی زیاتر دەڕەخسێنن بۆ گواستنەوەی ماددە نەخۆشخوازەکان لە ئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ. نەهێشتنی دارستانەکانو  ناوچە سروشتییەکان و فراوانبوونی شوێنی نیشتەجێبوون لە ڕێی گۆڕینیان بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی دەستکرد، ئەگەری سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە ئاژەڵییەکان زیاتر دەکات.



کاتێک مرۆڤەکان دەستوەردان لە ئیکۆسیستەمی جۆراوجۆردا دەکەن، ڤایرۆسە خەوتووەکان لە خانەخوێ سروشتیەکانیان لادەبەن و دەرفەتیان پێدەدەن دەست بەسەر خانەخوێیەکی نوێدا بگرن - مرۆڤ.




ئاژەڵە کێوییەکان و هەندێك لە قرتێنەوکان و جۆرێك لەشەمشەمەکوێرە میوەخۆراکان و مێشولەکان دەبن بە هەڵگر، کاریگەری لەسەر خۆیان نابێت بەڵکو دەبنە هۆی گواستنەوەی نەخۆشییەکە بۆ مرۆڤ.

**هەندێك نموونەی نەخۆشیە زونۆتیکیەکان:**

کۆڤید-١٩، تای خوێنبەربوونی قرم - کۆنگۆ ڤایرۆسی ئیبۆلا و نەخۆشی ڤایرۆسی ماربورگ، تای لاسا ڤایرۆسی، نەخۆشی هەناسەدانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(MERS) ، سارس ، ڤایرۆسی نیپا و نەخۆشییە ڤایرۆسیەکان تای دۆڵی ڕیفت، زیکا.

**تای خۆینبەربوون**

تای خوێنبەربوونی ڤایرۆسی (VHF) کۆمەڵێک نەخۆشییە کە بەهۆی چەند ئەندامێکی سەر بە یەک خێزانی ڤایرۆسەوە دروست دەبێت

زاراوەی "تای خوێنبەربوونی ڤایرۆسی" ئاماژەیە بۆ حاڵەتێک کە کاریگەری لەسەر زۆرێک لە سیستەمی ئەندامەکانی جەستە دەبێت و زیان بە کۆی سیستەمی دڵ و خوێنبەرەکان دەگەیەنێت و توانای کارکردنی جەستە لەسەر خۆی کەمدەکاتەوە. نیشانەکانی ئەم جۆرە حاڵەتە دەتوانن جیاواز بن بەڵام زۆرجار بریتین لە خوێنبەربوون یان خوێنێنتێزان.

هەندێک لەVHF ەکان دەبنە هۆی نەخۆشییەکی تاڕادەیەک سووک، لە کاتێکدا هەندێکی تر دەتوانن ببنە هۆی نەخۆشییەکی توند و مەترسی لەسەر ژیان. زۆربەیVHF ەکان هیچ چارەسەر و ڤاکسینێکی ناسراویان نییە.

تای خوێنبەربوونی ڤایرۆسی (VHF) لە ڕێگەی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ، خواردن، خواردنەوە، یان ژینگەوە بگوازرێتەوە بۆ مرۆڤەکان و دەتوانێت لە سروشتدا بەکتریا، ڤایرۆسی، یان مشەخۆر بێت. هەروەها  بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ش بڵاو دەبیتەوە وەك بەکارهێنانی کەلوپەل و کەرەسە ی بەرکەوتوانەوە.

بەهۆی بەرکەوتنی نزیکمان لەگەڵ ئاژەڵان لە کشتوکاڵدا، مەترسییەکی گەورەی تەندروستی گشتییە لە سەرانسەری جیهاندا.

VHF چەند خێزانێکی ڤایرۆسەوی هەیە و هەریەکێکیکان لە چەند ناوچەیەکی جیهاندا زیاتر کارایە و بڵاودەبێتەوە، بەپێی ئەو تایبەتمەندیانە پۆلێنکراون و ناویان لێنراوە، وەك ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| **خێزانی ڤایرۆسی VHF** | **نەخۆشیەکانی VHF** |
|---|---|
| **فایرۆسی ئارینا (زنجیرەی بونیا فایرالەیس)** | • **تای خوێنبەربوونی چاپاری (CHHF)**<br>• **تای لاسا**<br>• **تای خوێنبەربوونی لوجۆ(LUHF)** |
| **ڤایرۆسی فلاڤی** | • **تای خوێنبەربوونی ئەلخورما (AHF)**<br>• **نەخۆشی دارستانی کیاسانور (KFD)**<br>• **تای خوێنبەربوونی ئۆمسک (OHF)**<br>• **خوێنبەربوونی توند**<br>• **زەردەتا** |
| **ڤایرۆسی هانتا ( زنجیرەی بونیا فایرالەیس)** | • **ڤایرۆسی هانتا**<br>• **نەخۆشی هانتاڤایرۆسی نەخۆشی سییەکان (HPS)**<br>• **تای خوێنبەربوون لەگەڵ نەخۆشی گورچیلە(HFRS)** |
| **ڤایرۆسی نایرۆ (زنجیرەی بونیا فایرالەیس)** | **تای خوێنبەربوونی قرم و کۆنگۆCCHF** |
| **ڤایرۆسی فینۆوە ( زنجیرەی بونیا فایرالەیس)** | **ریفت ڤالی فیڤەر(RVF)** |

هەرچەندە VHF بەهۆی چەند خێزانێکی ڤایرۆسەوە دروست دەبێت، بەڵام ئەم ڤایرۆسانە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە:

- ئەوان ڤایرۆسیRNA ن، واتە ئەو ڤایرۆسانەی کە ترشی ڕیبۆنۆکلیک(RNA) یان وەک مادەی بۆماوەیی خۆیان هەیە. ئەم ڤایرۆسانە باوترین هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی نەخۆشی لە مرۆڤەکاندا چونکە ڤایرۆسەکانی RNA بە تێپەڕبوونی کات بە ڕێژەیەکی بەرز دەگۆڕدرێن.
- بە چینێکی چەوری پرۆتین لە دەرەوەیدا داپۆشراون، ئەمەش وا دەکات کە ئاسانتر ئەم ڤایرۆسانە بە شێوازی فیزیایی (گەرمی، تیشکی خۆر، تیشکی گاما) و کیمیایی (بلیچ، پاککەرەوە، تونەر) لەناوببرێت..

**تای خۆێنبەربوونی ڤایرۆسی قرم -کۆنگۆ چییە ؟**

ئەو جۆرەی کە زۆر کارایە لە ڕۆژهەلاتی ناوراست و عیراق جۆری تای خۆێنبەربوونی ڤایرۆسی قرم -کۆنگۆیە کە بەهۆی تووشبوون بە ڤایرۆسێکی ( Nairovirusلە خێزانی Bunyaviridae) کە لەڕێی گەنە وە دروست دەبێت و بڵاو دەبێتەوە.


ئەم نەخۆشییە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٤ لە قرم  تایبەتمەند کرا و ناوی تای خوێنبەربوونی قرمی لێنرا. پاشان دواتر لە ساڵی ١٩٦٩ وەک هۆکاری نەخۆشی لە کۆنگۆ ناسێندرا، بەم شێوەیە ناوی ئێستای نەخۆشییەکە لێکەوتەوە. تای خوێنبەربوونی قرم-کۆنگۆ لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، بە تایبەتی لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، لە سەرانسەری دەریای ناوەڕاست، لە باکووری ڕۆژئاوای چین، ناوەڕاستی ئاسیا، باشووری ئەوروپا، ئەفریقا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کیشوەری هیندستان دەبینرێت.

ڕەگەزی ڤایرۆسی نایرۆ دوو سەرچاوەی نەخۆشین کەتووشی  مرۆڤ دەبن: گروپی تای خوێنبەربوونی قرم-کۆنگۆ (CCHFV)و ڤایرۆسی هەزارا لەخۆدەگرێت و هەروەها گروپی نەخۆشی مەڕەکانی نایرۆبی کە   (NSDV)و دوگبێ ڤایرۆس (نایجیریا)

بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەرانسەری ئاسیای ناوەڕاست و ئەفریقا و NSDV لە بەشێک لە ئەفریقادا بڵاوبووەتەوە. هەردووکیان لەلایەن ئاژەڵەماڵییەکانەوە وەک مەڕ و بزن و ڕەشەوڵاخ لە ژینگەدا دەپارێزرێن، مرۆڤەکان یان لە ڕێگەی گەستنی گەنە تووشبووەوە یان بە کوتان لە سەربڕینی ئاژەڵە تووشبووەکانەوە تووشی ڤایرۆسەکە دەبن. کەواتە  لە ڕێگەی پێوەدانی گەنەی جۆری هیالۆممەی تووشبووەوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ. ئاژەڵە ماڵیەکان لە خولی گواستنەوەدا وەک خانەخوێ یان خەزێنەی گەشەی ڤایرۆس خزمەت دەکەن.

گەنەکان ڤایرۆسەکە لە ژینگەدا دەپارێزن و دەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر بە تووشبووی بمێننەوە و بە گواستنەوە لە ڕێگەی هێلکەدانەوە نەوەکانیان تووش بکەن.

نایرۆڤایرۆسەکان جینۆمێکی زۆر گەورەتریان هەیە لە ئەندامانی ڕەگەزەکانی تر، بە پلەی یەکەم لەبەر ئەوەی بەشی  L دوو هێندە گەورەترە لە ڕەگەزەکانی تری ڤایرۆسە ئاژەڵییەکان



**هێما و نیشانەکان**

نیشانە سەرەتاییەکان، ماندوویێتی، لاوازی گشتی، تا یان بەرزبوونەوەی گەرمی لەش، هێڵنج، ڕشانەوە، سکچوون، ئازاری جومگە و ماسولکە و ئێسک


**نیشانە مەترسیدارەکان**

خوێن بەربوون لە ژێر پێست و لە ئەندامەکانی ناوەوە و دەم و چاو و گوێ.، تێکچوونی کارکردنی کۆئەندامی دەمار.، ورێنە، کۆما. لەکارکەوتنی گورچیلە.، لەکارکەوتنی کۆئەندامی هەناسەدان.، لەکارکەوتنی جگەر.

**چەندە کوشندەیە؟**

لەگەڵ گەشەکردنی نەخۆشییەکە، ڕەنگە پەڵەی گەورەی خوێنتێزان و خوێنبەربوونی توندی لووت و خوێنبەربوونی کۆنترۆڵنەکراو لە شوێنی دەرزی لێدان ببینرێت، کە لە نزیکەی چوارەمین ڕۆژی نەخۆشییەکە دەستپێدەکات و بۆ ماوەی نزیکەی دوو هەفتە بەردەوام دەبێت. ڕێژەی مردن لە نەخۆشی تای خوێنبەربوون بەپێی سەرچاوەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO لە ١٠٪ بۆ ٤٠٪ دا یە بەڵام ڕیخراوی سی دی سی CDC دەڵێت ڕێژەی مردن بەم نەخۆشییە لە ٩٪ بۆ ٥٠٪ . ئەوەی شایانی باسە ئەم نەخۆشییە ڤاکسینی نییە

**داتاکان:**



لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ تا وەکو نیوەی ساڵ ٢١٢حاڵەتی تای خوێنبەربوونی کریم-کۆنگۆ ( CCHF) لەلایەن دەسەڵاتدارانی تەندروستی عێراقەوە بۆ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕاپۆرت کراوە کە لە (٨٠%)یان تەنها لە مانگەکانی نیسان و ئایاردا ڕاپۆرتکراون، کە ١١٥ حاڵەتیان هەبووە گومانلێکراو و ٩٧ کەس لە تاقیگەدا پشتڕاستکراونەتەوە. بەگشتی ٢٧ حاڵەتی مردن ڕوویانداوە، لەو ژمارەیەش ١٣ حاڵەتیان لە حاڵەتی پشتڕاستکراوی تاقیگەدا بوون. لە نێو حاڵەتە پشتڕاستکراوەکاندا زۆربەیان بەرکەوتنی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئاژەڵەکاندا هەبووە و ئاژەڵداری یان قەساب بوون.نزیکەی ٥٠%ی حاڵەتە پشتڕاستکراوەکان لە پارێزگای زیقاربوون، میسان (١٣)، موتەنە (٧)، واسیت (٦)، دیوانیە (٤)، بەغدا کەرخ (٤)، کەرکوک (٣)، بەسرە (٣)، نەجەف (٣)، نەینەوا (٣)، بەغدا-ڕوسەفا ( ٢)، بابل (١) و کەربەلا.

هەروەها تەندروستی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٣ بڵاویکردۆتەوە کە تاکو ئێستا ١٨ کەس بە تای خوێنبەربوون گیانیانلەدەستداوە و١٢٨کەسیش دوچاری نەخۆشییەکە بوون. زۆرترینی حاڵەتەکانیش لە پارێزگای زیقار تۆمار کراون.

ڕێککارەکانی خۆپارێزی و هۆشیاری کردنەوەی خەڵکی بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی تای خوێنبەربوون:

- قەدەغەکردنی دیاردەی سەربڕینی ئاژەڵ لە دەرەوەی سەربڕخانە فەرمیەکان ، سەربڕینی ئاژەڵ لە ڕێگاکان و کۆڵانەکان و مەیدانی ئاژەڵان قەدەغە بکرێت. پشکنینی پێش سەربڕین وە پشکنینی دوای سەربڕین ئەنجام بدرێت بەمەبەستی دڵنیایی لە تەندروستی گۆشتی ئاژەڵەکان.
-ڕاوکردکردنی ئاژەڵی کێوی قەدەغە بکرێت چونکە ئەشێت هۆکار بن بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە.
-هاوردەکردنی ئاژەلان لەو شوێنانەی کە پاتاکەی تێدا بلاو بۆتەوە
-تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی گۆرانکارییەکانی کەش و هەوا دروستکردنی ئەو هۆشیارییە لە ناو خەڵکدا.
- فراوانبوونی ناوچەی نیشتەجێ بەبێ پلان لەسەر ناوچە کێویەکان و کشتوکاڵیەکان بەووردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت چونکە دەبێتە ڕەوکردنی گیاندارە کێوییەکان بەرەو ناوچەی نیشتەجێ، کە بەشێکیان هەڵگری نەجۆشییەکانن.